لەو شتانەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەسیەتی سەبارەت کردین: سەرپێچی فەرمانەکانی نەکەین لە هەر چاکەیەکدا، وچڕنووک لە دەموچاومان نەدەین، وهاوار نەکەین - بۆ دەربڕینی ناڕەزایی-، وجلەکانمان نەدڕین، وقژمان پەرش وبڵاو نەکەینەوە

لە ئوسەید کوری ئوسەیدی تابیعی، لە ئافرەتێک لەوانەی بەیعەتیاندا بە (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەڵێت): «لەو شتانەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەسیەتی سەبارەت کردین: سەرپێچی فەرمانەکانی نەکەین لە هەر چاکەیەکدا، وچڕنووک لە دەموچاومان نەدەین، وهاوار نەکەین -بۆ دەربڕینی ناڕەزایی-، وجلەکانمان نەدڕین، وقژمان پەرش وبڵاو نەکەینەوە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەیمانی وەردەگرت لە هاوەڵە ئافرەتەکان؛ بەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی نەکەن؛ ولەوانەش لە کاتی ناخۆشی وکارەساتدا: چڕنووک لە دەموچاویان نەدەن ولە خۆیان نەدەن، وهاوار نەکەن ودەنگیان بەرز نەکەنەوە -بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر قەزا وقەدەری خوای گەورە- چونکە ئەمە نیاحەیە ولە شەریعەتدا نەهی لێکراوە، وجلەکانیان نەدڕن، وقژیان پەرش وبڵاو نەکەنەوە، چونکە ئافرەتان زۆرجار لە کاتی ناخۆشی ومردنی کەسێکی نزیکیان ئەمە دەکەن، ئەمانە هەمووی نەهی لێکراوە وحەرامە لە شەریعەتدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8929